# پێغەمبەر یونس

یونس

لە وانەی ڕابردووماندا، تەماشای چیرۆکی پێغەمبەری خودا ئەلیاسمان کرد. ئەلیاس پێغەمبەرێکی مەزن بوو لەبەر ئەوەی هێزی ڕۆحی خودا لەسەری بوو. دوعای کرد بۆ خودا کە باران نەبارێ و باران نەباری لە ئیسرائیل بۆ سێ ساڵ و نیو. هەروها ئەلیاس تەحەددای پێغەمبەرە سەختەکانی بەعل کرد، و ئایینە سەختەکەیانی ئاشکرا کرد لەبەر چاوی هەموو گەلی ئیسرائیل. بۆیە خودا پێغەمبەر ئەلیاسی بەکار هێنا بۆ ئەوەی دڵی گەلی ئیسرائیل بگەڕێنێتەوە بۆ لای پەروەردگار خودایان.

بۆ ئێستا، حەز دەکەین سەرنجی چیرۆکێکی پێغەمبەرێکی تر بدەین کەوا لەپاش ئەلیاس هات. دەبینین چۆن خودا ئیسیرائیلییەکی هەڵبژارد بە ناوی یونس و فەرمانی پێ دا بڕوات بانگەوازی بیانییەکان بکات کەوا دوژمنی گەلی ئیسرائیل بوون.

لەیەکەم بەشی سیپاری یونس دەخوێنینەوە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (یونس ١) [١] **وشەی پەروەردکار بۆ یونسی کوڕی ئەمیتای هات و وتی: [٢] (هەستە بڕۆ بۆ شاری مەزنی نەینەوا و تێیدا بانگەواز بکە، چونکە خراپەکانیان بەرز بۆتەوە بەردەمم.)**

بینیت پەروەردگار فەرمانی چی بە یونس دا؟ خودا پێی فەرمووو کە بڕوات و خەڵکی شاری نەینەوا ئاگادار بکاتەوە و لە گوناهەکانیان تۆبە بکەن — هەرچەندە نەینەوا پایتەختی نەتەوەی ئاشوری بوو، و خەڵکی وڵاتی ئاشوری خەڵکێکی خراپەکار بوون کەوا دەیانویست گەلی ئیسرائیل وێران بکەن!

بۆچی پەروەردگار خودا دەیەوێ یونس بنێرێ بۆ ئەو بیانیانە کەوا قێز و ڕقیان لەگەلی ئیسرائیل دەبووەوە؟ ئایا خودا چاوی لە دوژمنەکانی گەلی ئیسرائیلیش بوو؟ بەڵێ، چاوی لێیان بوو! خودا خەریکە ئەوە بوو دادوەری خەڵکی نەینەوا بکات لەبەر ئەوەی گوناهەکانیان گەیشتبووە ئاسمان. بەڵام خودا هیچ خۆشییەك لە وێران کردنی گوناهباران نابینێ. خودا دەیەوێ هەموو کەس تۆبە بکات لە گوناهەکانی و باوەڕ بە ووشەی خودا بێنن و ڕزگاریان بێت. لەبەر ئەوە بوو خودا فەرمانی بە پێغەمبەر یونس دا بچێت بۆ لای خەڵکی شاری نەینەوا و ئاگاداریان بکاتەوە بەشکەم تۆبە بکەن لە گوناهەکانیان و ڕوو لە خودا بکەن و ڕزگاریان بێت.

بەڵام یونس نەیویست بچێت بۆ ئاگادار کردنەوەی دوژمنەکانیان! یونس نەیویست ببێت بە پێغەمبەری شاری نەینەوا! خودا ویستی خەڵکی شاری نەینەوا تۆبە بکەن تاکو بتوانێ بەزەیی پێیان بێت، بەڵام یونس ویستی خودا سزایان بدات! بۆیە یونس ئەرکەکەی ڕەت کردەوە و هەوڵی دا هەڵبێت لە پەروەردگار خودا. بەڵام بۆکوێ دەتوانێ هەڵبێت لە حزووری خودا؟

بابەردەوام بین لە چیرۆکەکە تا بزانین یونس چی کرد. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (یونس ١) [٣] **یونسیش بۆ ئەوەی لە ڕووی پەروەردکار هەڵبێت هەڵستا بەرەو تەرشیش، جا دابەزی بۆ یافا و کەشتییەکی دۆزیەوە کە دەڕۆیشت بۆ تەرشیش، کرێکەی دا و چووە ناوی، بۆ ئەوەی لەگەڵیان بچێت بۆ تەرشیش و لە ڕووی پەروەردکار ڕا بکات. [٤] پەروەردکاریش بایەکی مەزنی بۆ سەر دەریاکە نارد و ڕەشەبایەکی مەزن لە دەریاکەدا هەڵی کرد، خەریک بوو کەشتییەکە پارچەپارچە بێت. [٥] کەشتیوانەکان ترسان و هەریەکەیان هاواری بۆ خودای خۆی کرد و ئەو شتانەی کە لەناو کەشتییەکەدا بوون فڕێیان دایە ناو دەریاکەوە، بۆ ئەوەی باری خۆیان سووک بکەن. کەچی یونس چوو بووە ژوورەوەی کەشتییەکە و پاڵکەوتبوو و لە خەوێکی قووڵدا بوو. [٦] سەرۆکی سەوڵ لێدەرەکان لێی نزیکبووەوە و پێی وت: (ئەوە بۆچی نوستوویت! هەستە هاوار بکە بۆ خوداکەت، بەڵکو خودا ئاوڕمان لێبداتەوە و لەناو نەچین.) [٧] ئینجا هەریەکە بەوی دیکەی وت: (وەرن با تیروپشک بکەین، تا بزانین ئەم بەڵایە بەهۆی کێیە.) ئیتر تیروپشکیان کرد و کەوتە سەر یونس.
[٨] پێیان وت: (پێمان بڵێ بەهۆی کێیە ئەم بەڵایەمان بەسەرەوەیە، ئیشت چییە و لەکوێوە هاتوویت، سەر بە چ خاکێکیت و لە چ نەتەوەیەکیت؟) [٩] ئەویش پێی وتن: (من عیبرانیم و لە پەروەردکار خودای ئاسمان دەترسم، ئەوەی دەریاو وشکانی دروستکردووە.)**

١٠ پیاوەکان ترسێکی زۆریان لێنیشت و پێیان وت: (بۆچی ئەمەت کرد؟) پیاوەکان زانیان لە ڕووی پەروەردکار هەڵاتووە، چونکە خۆی
پێی وتن. ١١ پێیان وت: (چیت لێبکەین بۆ ئەوەی دەریاکەمان لێ هێمن بێتەوە؟) چونکە دەریاکە زیاتر هەڵدەچوو. ١٢ ئەویش پێی
وتن: (بمبەن و فڕێم بدەنە ناو دەریاکەوە، ئیتر دەریاکەتان لێهێمن دەبێتەوە، چونکە من دەزانم بەهۆی منەوەیە ئەم ڕەشەبا مەزنەتان
لەسەرە.) ١٣ بەڵام پیاوەکان زیاتر و زیاتر سەوڵیان لێ دەدا بۆ ئەوەی کەشتییەکە بگەڕێننەوە بۆ وشکانی، کەچی نەیانتوانی، چونکە
دەریاکە زیاتر لێیان هەڵدەچوو.
١٤ ئیتر هاواریان بۆ پەروەردکار کرد و وتیان: (ئای ئەی پەروەردکار، لەناو نەچین لەبەر گیانی ئەم پیاوە و خوێنی بێتاوانێک مەخەرە
ئەستۆمان، چونکە ئەی پەروەردکار ئەوەت کردووە کە پێی ڕازیت.) ١٥ ئینجا یونسیان گرت و فڕێیان دایە ناو دەریاکەوە، ئیتر دەریاکە
هێمن بووەوە. ١٦ پیاوەکان زۆر لە پەروەردکار ترسان و قوربانییان بۆ پەروەردکار سەربڕی و نەزریان کرد. ١٧ پەروەردکاریش ماسیەکی
مەزنی ئامادە کرد بۆ ئەوەی یونس قووت بدات، ئیتر یونس سێ شەو و سێ ڕۆژ لەناو سکی ماسیەکەدا بوو.

تا ئەم خاڵە، دەبینین چۆن خودا دەکەوێتە دوای یونس، پێغەمبەری هەڵهاتووی! یونس دەکرا ڕابکات بەڵام نەیدەتوانی لە دەستی خودا رزگاری بێت. بۆچی خودا کەوتە دوای یونس؟ خودا کەوتە دوای یونس لەبەر ئەوەی یونسی خۆش دەویست و ویستی ئەو ئیرادەی جێ بە جێ بکات. لەبەر ئەوە خودا ماسییەکی گەورەی نارد تاکو قووتی بدات بەڵام نەیکوژێ.

یونسی فەقیر! ئێستا وا لەناو سکی ماسیەکی گەورەیە! باشە یونس چی بکات بۆئەوەی خۆی ڕزگار بکات؟ هیچ! هیچی پێ ناکرێت تەنها هاوار بۆ پەروەردگار خودا کردن نەبێت. تەنها خودا دەتوانێ ڕزگاری بکات. لە بەشی دوو، نووسراوی پیرۆز پێمان دەڵێت چۆن یونس نوێژی کرد بۆ پەروەردگار لەناو سکی ماسییەکە و دانی بە گوناهەکەی دانا لە بە قسە نەکردنی خودا. بۆ ماوەی سێ ڕۆژ، خودا یونسی پاراست لەناو سکی ئەو ئاژەڵە دەریاییە. ئای چەن پەندێکی گەورە بوو بۆ یونس! لە سێیەم ڕۆژدا، یونس هاواری کرد، (رزگاری بۆ پەروەردکارە.) (یونس ٢: ٩) کاتێ یونس ووتی، (رزگاری بۆ پەروەردکارە.) نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ، (ئینجا پەروەردکار فەرمانی بە ماسیەکە دا، ئەویش ڕشایەوە و یونسی فڕێ دایە سەر وشکایی.) (یونس ٢: ١٠)

لە بەشی سێ، نووسراوە پیرۆزەکان بەردەوامە: (یونس ٣) ١ ئینجا وشەی پەروەردکار جارێکی دیکە بۆ یونس هاتەوە و وتی:
٢ (هەستە بڕۆ بۆ نەینەوا ئەو شارە مەزنە، ئەو بانگەوازەی پێم وتووی پێی ڕابگەیەنە.) ٣ یونسیش هەڵستا و ڕۆی بۆ نەینەوا بەو
شێوەیەی پەروەردکار پێی وت، نەینەواش شارێکی زۆر مەزن بوو، سێ ڕۆژە ڕێ درێژ بوو. ٤ یونس دەستی کرد بە چوونەژوورەوەی
شارەکە. لە یەکەم ڕۆژەوە بانگەوازی دا و وتی: (چل ڕۆژی دیکە نەینەوا سەرەوژێر دەبێت.) ٥ ئیتر خەڵکی نەینەوا باوەڕیان بە خودا
هێنا و بانگەوازی ڕۆژووگرتنیان کرد و بەرگی ماتەمیان پۆشی، لە گەورەکانیانەوە تا بچووکیان. ٦ کارەکە گەیشتەوە بە پاشای نەینەوا
و ئەویش لەسەر تەختەکەی هەڵستا و کەواکەی لەبەر خۆی داکەند، بەرگی ماتەمی پۆشی و لەسەر خۆڵەمێش دانیشت. ٧ ئیتر لە
نەینەوا بانگ درا و وترا: (بە فەرمانی پاشا و پیاوە گەورەکانی، نابێت نە خەڵک و نە ئاژەڵ و نە مانگا و نە مەڕ هیچ بچێژن. نان
نەخۆن و ئاو نەخۆنەوە. ٨ با خەڵک و ئاژەڵەکان بەرگی ماتەم بپۆشن و بە توندی هاوار بۆ خودا بکەن، با هەریەکە لە ڕێگای
خراپکانیان بگەڕێنەوە و لەو زۆردارییەی کە بەدەستیانەوەیە. ٩ بەڵکو خودا بگەڕێتەوە و پاشگەز ببێتەوە، لە کڵپەی تووڕەبوونی
بگەڕێتەوە و لەناو نەچین.) ١٠ کاتێک خودا کارەکانیانی بینی، بینی وا لە ڕێگای خراپەکاری گەڕاونەتەوە، خودا پاشگەز بۆوە لەو
خراپەیەی کە وتبووی بەسەریاندا دەهێنێت و ئیتر نەیکرد.

بۆیە دەبینین کە خودا بەزەیی بەسەر خەڵکی نەینەوا هات، لەبەر ئەوەی باوەڕیان بەو ووشەیە هات کە بۆیانی نارد. نەینەواییەکان تۆبەیان کرد لە گوناهەکانیان بە دڵێکی شکاوەوە و ڕوویان لە پەروەردگار کرد. بەڵام یونس خۆش حاڵ نەبوو بەوەی خودا بەزەیی هات بەسەر خەڵکی نەینەوا. لە بەشی چوارەم و کۆتایی نووسراوە لە سیپارەی یونس، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (یونس ٤)
١ ئەمە یونسی زۆر پەستکرد و ڕقی هەڵستا. ٢ نوێژی کرد بۆ پەروەردکار و وتی: (ئای ئەی پەروەردکار، ئایا ئەمە قسەی من نەبوو

کە هێشتا لە خاکی خۆمدا بووم؟ لەبەر ئەوە هەوڵی ڕاکردنم دا بۆ تەرشیش، چونکە زانیم تۆ خودایەکی میهرەبانی و بە بەزەیی و درەنگ تووڕە دەبیت و خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت گەورەیە، لە خراپەهێنان بەسەر خەڵکی پاشگەز دەبیتەوە. [٣] ئێستاش ئەی پەروەردکار، گیانم لێبسێنە، چونکە مردنم باشترە لە ژیانم.) [٤] پەروەردکاریش وتی: (ئایا ڕاستە تووڕە بیت؟) [٥] ئینجا یونس لە شارەکە چووە دەرێ و لە ڕۆژهەڵاتی شارەکە دانیشت و لەوێ کەپرێکی بۆ خۆی دروستکرد و لە ژێر سێبەرەکەی‌دا دانیشت، بۆ ئەوەی ببینێت چی لە شارەکەدا ڕوودەدات. [٦] پەروەردکار خوداش ڕووەکێکی ئامادە کرد و بەسەر یونس‌دا بەرزی کردەوە، تا ببێت بە سێبەر بەسەر سەریەوە و بۆ ئەوەی لە خەمەکەی دەربازی بکات. یونسیش دڵی بە ڕووەکەکە زۆر خۆش بوو.
[٧] ئینجا خودا لە بەرەبەیان‌دا کرمێکی ئامادە کرد و کرمەکە لە ڕووەکەکەی‌دا و وشکی کرد. [٨] ئینجا لە کاتی خۆر هەڵهاتن‌دا خودا بایەکی ڕۆژهەڵاتیی گەرمی ئامادە کرد و هەتاوەکە دای لەسەری یونس و گێژی کرد، ئەویش داوای مردنی بۆ خۆی کرد و وتی: (مردنم باشترە لە ژیانم.) [٩] خوداش بە یونسی وت: (ئایا ڕاستە لەبەر ڕووەکەکە تووڕە بیت؟) ئەویش وتی: (بەڵێ تا بڵێی ڕاستە.)
[١٠] پەروەردکاریش وتی: (تۆ دڵت بە ڕووەکەکە سووتا کە پێوەی ماندوو نەبوویت و بە خێوت نەکرد، بە یەک شەو بوو و بە یەک شەو لەناوچوو. [١١] ئەی باشە من دڵم بە نەینەوا، ئەو شارە مەزنە نەسووتێت کە زیاد لە سەد و بیست هەزار کەسی تێدایە، ڕاستیان لە چەپیان جیا ناکەنەوە، هەروەها ئاژەڵێکی زۆریشی تێدایە؟) سیپارەی یونس بەو شێوەیە کۆتایی پیێ دێت.

زۆر شت هەیە لە چیرۆکی پێغەمبەر یونس کە دەکرێ فێربین لە سرووشتی مرۆڤ و سروشتی خودا. یەك شت کە دەیبینین ئەوەیە کە خودا کەس لەسەر کەس هەڵنابژێرێ. یونس وای کرد، بەڵام خودا کەسی لەسەر کەس هەڵنابژێرێ. دڵی خودا زۆر جیاوازتر بوو لە دڵی یونس.

دڵی یونس پڕ بوو لە خۆویستن، بەڵام دڵی خودا پڕە لە میهرەبانی بۆ هەموو خەڵك. یونس میللەتی خۆی خۆش ویست و ڕقی لە دوژمنەکانی بووەوە، بەڵام خودا خەڵکی ئیسرائیل و خەڵکی نەینەوای خۆش ویست. یونس ویستی خەڵکی نەینەوا لەناوبچن لەبەر ئەوەی دوژمنی ئیسرائیل بوون، بەڵام خودا ویستی ئەوان تۆبە بکەن لە گوناهەکانیان و ووشەی قەبوڵ بکەن و ڕزگاریان بێت. خودا کەس بەسەر کەسا هەڵنابژێرێ. هەرکێ بیت و بە هەرکێ بچیت، ئەوا خودا خۆشی دەوێیت. خودا حەزی بە گوناهەکەت و یاخی بوونەکەت نیە، بەڵام تۆی خۆش دەوێ. خودا هەموو تاکە کەسێکی خۆش دەوێت لە هەموو نەتەوەیەك و دەیەوێ دان بە گوناهەکانیان بنەن بەرامبەری و گوێگری ڕاستی بن و لێی تێ بگەن و باوەڕی پیێ بێنن و ڕزگاریان بێت.

هەندێ خەڵك پێیان وایە خودا ئاگاداری هەر تاکە کەسێك نیە لەسەر زەوی، کەوا بە هەندێ خەڵکی هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی لەناو ئاگری دۆزەخ بسوتێن و هەندێکی تریش لەناو بەهەشت. هەرچەندە ئەوە ڕاستە کە زۆربەی خەڵك لەناو گوناهەکانیاندا دەمرن و ڕوو بە ڕووی توڕەیی ڕاستودرووستی خودا دەبنەوە، بەڵام ئەوە هەڵەیە ئەگەر بڵێین کە خودا ئاگاداری ئەو کەسانە نیە کەلەناو نەزانیدا لەناو دەچن. نووسراوە پیرۆزەکان پێمان دەڵێت کە خودا، دەیەوێت هەموو خەڵکی ڕزگاریان بێت و بۆ ڕاستی ناسین بێن! (١ تیمۆساوس ٢: ٤) خوداوەند سەبارەت بە بەڵێنەکەی خاو نییە، وەک هەندێک بە خاوی دەزانن، بەڵام لەگەڵمان پشوو درێژە، نایەوێت کەس لەناوبچێت، بەڵکو هەموو بۆ تۆبەکردن بێن. (٢ پەترۆس ٣: ٩) بەڵام، ئەوانەی تۆبە نەکەن — ئەوا خودا دادوەرییان دەکات، لەبەر ئەوەی، خۆشەویستی ڕاستییان ڕەتکردەوە، ئەوەی ڕزگاریان دەکات... هەموو ئەوانەی باوەڕ بە ڕاستی ناکەن و حەزیان لە ناڕەواییە، تاوانبار بکرێن.) خۆشەویستی ڕاستییان ڕەتکردەوە، ئەوەی ڕزگاریان دەکات. ( ٢ سالونیکی ٢: ١٠، ١٢) ووشەی پەروەردگار خودا ئەوە ڕادەگەێنێ. خودا باش و بە بەزەییە و ڕێگایەکی بۆ ڕزگاربوون بۆ هەموو کەس دابین کردووە. بەڵام خودا هەروەها پیرۆز و ڕاستودرووستە و هەموو کەس دادوەری دەکات کە ڕێگای ڕاستودرووستی ڕزگاربوونی ئەو قەبوڵ نەکات.


با کەس هەڵێت نەخەڵەتێنێ. خودا هیچ کاتێك کەس بەسەر کەسا هەڵنابژێرێ و نە خۆشی دەبینێ لە لەناوبردنی گوناهباران. خودا

دەیەوێ هەموو کەس لەسەر زەوی ڕاستی بزانێ و باوەڕی پێ بکات و ڕزگاری بێت! لەبەر ئەوە خودا کاتی خۆی، وحی دەنارد بۆ پێغەمبەرەکانی تاکو ووشەی ئەو بنووسن، تاکو ئێمە ڕێگای ڕزگاربوون بناسین کە خودا دابینی کردووە و قەبوڵی بکەین و ڕزگارمان بێت! هەرکەسێك ڕێگای خودا بۆ ڕزگاربوون قەبوڵ بکات دەڕواتە بەهەشت. وا هەر کەسێکیش ڕەتی بکاتەوە یان پشت گوێی بخات ئەوا لەناو دەچێ! خودا تاکگیر نیە. وەك نووسراوە: خودا **دەیەوێت هەموو خەڵکی ڕزگاریان بێت!... ئەگەر تۆبە نەکەن... هەمووتان ئاوا تیادەچن.** (١ تیمۆساوس ٢: ٤ و لۆقا ١٣: ٣)

لە وانەی داهاتووماندا دەربارەی پێغەمبەرێکی مەزن فێردەبین کەوا زۆر زۆر پێش بینی کرد سەبارەت بە ڕزگاری دەرەکە کەوا دەهات جیهان بۆ ئەوەی گوناهباران ڕزگار بکات. ئەو پێغەمبەرە مەزنە ئیشایایە، پێغەمبەرێکی خودا کەوا حەفت سەد ساڵ لەپێش هاتنی مەسیح بۆ جیهان ژیا.

خودا بەرەکەتدارت بکات کاتێ ئەم دوو پەندەتان بە بیر دێتەوە کە ویستی فێری پێغەمبەری بێ وەفای یونس بکاتەوە: ﴿یەکەم﴾ **(ڕزگاری بۆ پەروەردکارە.)** (یونس ٢: ١٠)

﴿دووەم﴾ **(خودا لایەنگری کەس ناکات)** (کرادری نێردراوان ١٠: ٣٤)



## گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. پەروەردگار فەرمانی چی بە یونس دا؟
٢. بۆچی پەروەردگار خودا دەیەوێ یونس بنێرێ بۆ ئەو بیانیانە کەوا قێز و ڕقیان لەگەڵ ئیسرائیل دەبووەوە؟
٣. ئایا خودا چاوی لە دوژمنەکانی گەلی ئیسرائیلیش بوو؟
٤. بەڵام بۆکوێ دەتوانێ هەڵبێت لە حزووری خودا؟
٥. بۆچی خودا کەوتە دوای یونس؟
٦. یونس چی بکات بۆ ئەوەی خۆی ڕزگار بکات؟

ڕێگای ڕاست و دروستی:
وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز
(٢٠١٦)
Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {*The Way of Righteousness* by Paul Bramson, 1998}بەخەش کراوەتە.
بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای راستودروستی
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org